**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٧٠٢٠ لە ٢٠٢٦/٣/٣**

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٦
## هەمواری یەکەمی ڕێنمایی میکانیزمی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای ڕێنمایی میکانیزمی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی و هەروەها بەمەبەستی ڕێکخستنی پێدانی مۆڵەتی شوفێری خوجێیی هەرێمی کوردستان بەکەسانی بیانی نیشتەجێی هەرێم و ئەندامانی نێردە دیبلۆماسیەکان و ڕێکخراو و دەستە نێودەوڵەتییەکان، بڕیارماندا بەدەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ماددەی (١):**

زیادکردنی رستەی (کە ژمارەی سەرنشین و شوفێرەکەی لە (٩) نۆ کەس زیاتر نەبێت) لە پێشەکی ماددەی(٤) لە ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(مۆڵەتی شوفێری لە جۆری B ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی شوفێری ئۆتۆمبێلێک بکات کە ژمارەی سەرنشین و شوفێرەکەی لە (٩) نۆ کەس زیاتر نەبێت و کێشی ئۆتۆمبێلەکەی بەبارەوە لە (٣٥٠٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بە بارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت و بەهەردووکیان بە بارەکانیانەوە کێشی لە (٣٥٠٠) کیلۆ گرام زیاتر نەبێت بەم مەرجانەی خوارەوە:)

**ماددەی (٢):**

زیادکردنی رستەی (کە ژمارەی سەرنشین و شوفێرەکەی لە (٩) نۆ کەس زیاتر نەبێت) لە پێشەکی ماددەی (٥) لە ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(مۆڵەتی شوفێری لە جۆری BE ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی شوفێری ئۆتۆمبێلێک بکات کە ژمارەی سەرنشین و شوفێرەکەی لە (٩) نۆ کەس زیاتر نەبێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی عەرەبانەکە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر بێت و بە بەتاڵی لە (٣٥٠٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت، بەم مەرجانەی خوارەوە:)

**ماددەی (٣):**

هەموارکردنەوەی پێشەکی ماددەی (٨) لە ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
(مۆڵەتی شوفێری لە جۆری C ڕێگا دەدات بە هەڵگرەکەی کە شوفێری بارهەڵگرێک بکات کە کێشی بە بارەوە لە (٣٥٠٠) کیلۆگرام زیاتر بێت و عەرەبانەیەک ڕابکێشێت کە کێشی بەبارەوە لە (٧٥٠) کیلۆگرام زیاتر نەبێت جگە لەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ماددەی (١٠)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە بەم مەرجانەی خوارەوە:)

**ماددەی (٤):**

هەڵوەشاندنەوەی دەقی ماددەی (١٩) لە ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤ و ئەم دەقەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:

**ماددەی ١٩:**

پاڵپشت بە یاسای عێراقی فیدراڵ ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠١٥ تایبەت بە چوونەپاڵی کۆماری عێراق بۆ ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی هاتووچۆ لەسەر ڕێگاکان ساڵی ١٩٦٨ و تەواوکەرەکەی (ڕێککەوتننامەی ئەوروپی ساڵی ٢٠٠٦):

**یەکەم:**

١- هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانەی کە (ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی هاتووچۆ لەسەر ڕێگاکان ساڵی ١٩٦٨ و تەواوکەرەکەی ڕێککەوتننامەی ئەوروپی ساڵی ٢٠٠٦) پەسەند کردووە، دەتوانن مۆڵەتی شوفێریی وڵاتی خۆیان یان مۆڵەتی نێودەوڵەتی (IDP) بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ لە ڕۆژی هاتنە ناو هەرێمی کوردستاندا بەکاربهێنن بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە مەرجێک مۆڵەتەکە کارا و بەسەرنەچوو بێت.

٢- دەبێت هەڵگری مۆڵەتی شوفێریی بیانی دوای تەواوبوونی ماوەی هاتوو لە خاڵی (١) سەرەوە داوای پێدانی مۆڵەتی شوفێریی خۆجێیی هەرێمی کوردستان - عێراق بکات بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە و بە پێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی بەرامبەر وەردەگیرێت بە پێی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکانی تایبەت بە هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان.

**دووەم:** پێدانی مۆڵەتی شوفێریی خۆجێیی بۆ هاووڵاتیانی بیانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- مۆڵەتی شوفێریی خۆجێیی دەدرێت بەکەسانی بیانی (هەڵگرانی مۆڵەتی شوفێریی بیانی) لە جۆری (B) بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ تەنیا بۆ یەکجار بەمەرجێک مۆڵەتەکە (بیانی) کارا و بەسەرنەچوو بێت.

٢- کەسی بیانی هەڵگری نشینگەی هەرێمی کوردستان مافی ئەوەی هەیە دوای تەواوبوونی ماوەی خاڵی (١)ی سەرەوە یان ڕاستەوخۆ داواکاری پێشکەش بکات بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەتی نوێی شوفێریی خۆجێیی لە هەرێمی کوردستان لە جۆرەکانی (B) بەپێی ئەم مەرجانەی کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە.

٣- پێشکەشکردنی مۆڵەتی شوفێری بیانی (ڕەسەن) و وێنەی کۆپی ڕەنگاوڕەنگی مۆڵەتەکە و وێنەی مۆڵەتی شوفێری بیانی وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی (کوردی یان عەرەبی).

٤- بەدەرکردنی کەسانی بیانی (هەڵگرانی مۆڵەتی شوفێری بیانی) لە بەشداری کردن لە خولەکانی تیۆری و پراکتیکی و تاقیکردنەوەی تیۆری، تەنیا تاقیکردنەوەی پراکتیکی (ترای) ئەنجام دەدات.

٥- دەبێت کەسی بیانی بڕی پارەی دیاریکراو بدات کە دەیگرێتەوە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤.
٦- پێویستە کەسی بیانی هەڵگری نشینگەی هەرێمی کوردستان بێت و ماوەکەی بەسەر نەچووبێت.
**سێیەم:** پێدانی مۆڵەتی شوفێریی خۆجێیی بۆ کارمەندان و ستافی دیبلۆماسی و کونسولگەریی و کارمەندانی دەستە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامانی خێزانییان کە لە گەڵیاندا نیشتەجێن.
١- مۆڵەتی شوفێریی خۆجێیی جۆری (B) دەدرێت بە هەڵگرانی مۆڵەتی شوفێریی بیانی لە کارمەندان وستافی دیبلۆماسی و کونسولگەریی و کارمەندانی دەستەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامانی خێزانییان کە لە گەڵیاندا نیشتەجێن بارتەقای ئەو ماوەیەی کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن بەپێی نووسراوی پشتگیری فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە بەم مەرج و ڕێککارانەی خوارەوە.
أ- هەبوونی مۆڵەتی شوفێریی بیانی (ڕەسەن) کە کارا و بەسەرنەچوو بێت.
ب- پێشکەشکردنی مۆڵەتی شوفیری بیانی(ڕەسەن) و وێنەی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگی مۆڵەتەکە و وێنەی مۆڵەتی شوفێری بیانی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی (کوردی یان عەرەبی).
ج- ماوەی پێدانی مۆڵەتی شوفێریی خۆجێیی بەپێی ماوەی مانەوەی لە کاری دبلۆماسی و کارکردنی لە دەستەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامانی خێزانیان کە لەگەڵیاندا نیشتەجێن لە هەرێم دەبێت بەپێی نووسراوی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و نابێت ماوەی بەسەرچوونی مۆڵەتی شوفێریی خۆجێیی لە ماوەی بەسەرچوونی مۆڵەتی شوفێریی بیانی تێپەڕ بکات و لە هەموو حاڵەتێکدا نابێت لە (٥) پێنج ساڵ تێپەڕبکات.
د- نوێکردنەوەی مۆڵەتی شوفێریی خۆجێیی خاڵی (ج)ی سەرەوە لە کاتی بەسەرچوونی بەپێی ئەم ڕێنماییە بە پشتگیری کردنی لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کە بەردەوامبوونی کەسی بیانی لەکاری دیبلۆماسی و کارکردنی لە دەستە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامانی خێزانیان و مانەوەیان لە هەرێم بسەلمێنێت و ماوەکەی دیاری بکرێت و ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە.
ە- مۆڵەتی نیشتەجێبوون کە کارا و بەسەرنەچووبێت.
٢- لەکاتی کۆتاییهاتنی کارەکانیان مۆڵەتەکە بە هەڵوەشاوە هەژمار دەکرێت دوای تێپەبوونی(٩٠)ڕۆژ.
٣- بەدەرکردنی کارمەندان و ستافی دیبلۆماسی و کونسولگەریی و کارمەندانی دەستەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ئەندامانی خێزانییان کە لە گەڵیاندا نیشتەجێن لەم خاڵانەی خوارەوە:
أ- رسوماتی هاتوو لە ماددەی (١٨) و نرخی تاقیکردنەوەکانی ماددەی (٢٥)ی ئەم ڕێنماییە.
ب- بەشداری کردن لە گشت خول و تاقیکردنەوەکانی تیۆری و پراکتیکی.
ج- پشکنینی پزیشکی.

د- ئەوانەی لێخوڕینییان لێ قەدەغە کراوە بەهۆی حوکمێکی دادوەری.
ە- لە بڕی هێنانی پشکنینی پزیشکی و نەبوونی ڕێگریی یاسایی شوفێریکردن پێویستە لەلایەن سەرۆکی نێردەی دبلۆماسی وولاتی خۆی یان ڕێکخراوو دەستە نێودەوڵەتییەکان، نووسراوی (شیاوی پزیشکی) و (نەبوونی حوکمی یاسایی کە شوفێریی لێ قەدەغەکرا بێت) لەرێگای فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئاراستە دەکرێت بۆ وەزارەتی ناوخۆ.

**چوارەم:** پێدانی مۆڵەتی شوفێریی خۆجێیی بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە هەڵگری مۆڵەتی شوفێریی بیانین لەو وولاتەی کە لێی نیشتەجێن:
١- هەبوونی مۆڵەتی شوفێریی بیانی (رەسەن) کە کارا و بەسەرنەچووبێت.
٢- پێویستە مۆڵەتی شوفێریی بیانی ماوەی (یەک) ساڵ بەسەر رێکەوتی دەرچوونی بەسەر چووبێت و کارا بێت.
٣- پێشکەشکردنی مۆلەتی شوفێری بیانی (رەسەن) و وێنەی کۆپی رەنگا و رەنگی مۆڵەتەکە و وێنەی مۆڵەتی شوفیری بیانی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی (کوردی یان عەرەبی).
٤- دەبێت بە شێوەی یاسایی نشینگەیان پێدرا بێت لەوولاتی بیانی کە کاراو بەسەرنەچووبێت یان هەڵگری رەگەزنامەی ئەو وولاتانە بن بە پێی مەرجەکانی ئەم ڕێنماییە.
٥- بەدەرکردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە هەڵگری مۆڵەتی شوفێریی بیانین لە بەشدار کردن لە خولەکانی تیۆری و پراکتیکی و تاقیکردنەوەی تیۆری تەنیا تاقیکردنەوەی پراکتیکی (ترای) ئەنجام دەدەن.
٦- دەبێت بڕی پارەی دیاریکراو بدات کە دەیگرێتەوە بەپێی ڕێنمایی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٢٤.

**ماددەی (٥):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**